

شەرقولئەوسەت نهێنی سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە ئاشکرا دەکات

رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی، راپۆرتێکی لە بارەی هەڵبژاردنی 12 ئایاری عێراق بڵاوکردووەتەوە و باس لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لەو هەڵبژاردنە، کە تا ئێستا26 کورسی مسۆگەر کردووە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یەکەمە. بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکە، ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە لە هەرێمی کوردستانیش روودەدات، بە جۆرێکی قوواڵتر و جیاوازتر، بەتایبەتیش خەریکە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە یەکجاری یەکلادەبێتەوە، بەو پێیەی ئەنجامەکە لە دەرەوەی پێشبینییەکان بوون، یەکێک لەوانەش، سەرکەوتنی پارتی، کە تا ئێستا 26 کورسی خوولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی مسۆگەرکردووە.

ئەنجامە بەراییەکان، لیستی سائیرون، بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، سەرۆکی رەوتی سەدر، لەسەر ئاستی عێراق یەکەمە، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە. بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکە، ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە لە هەرێمی کوردستانیش رووەدات، بە جۆرێکی قوواڵتر و جیاوازتر، بەتایبەتیش خەریکە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە یەکجاری یەکلادەبێتەوە، بەو پێیەی ئەنجامەکە لە دەرەوەی پێشبینییەکان بوون، یەکێک لەوانەش، سەرکەوتنی پارتی، کە تا ئێستا 26 کورسی خوولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی مسۆگەرکردووە.

ولاتانی هەرێمی و دەوروبەر، تا دەگاتە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کە ماوەی چەند ساڵێکە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکە، ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە لە هەرێمی کوردستانیش رووەدات، بە جۆرێکی قوواڵتر و جیاوازتر، بەتایبەتیش خەریکە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە یەکجاری یەکلادەبێتەوە، بەو پێیەی ئەنجامەکە لە دەرەوەی پێشبینییەکان بوون، یەکێک لەوانەش، سەرکەوتنی پارتی، کە تا ئێستا 26 کورسی خوولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی مسۆگەرکردووە.

رۆژنامەکە لە زاری رێبوار بابکەیی، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین، بڵاویکردووەتەوە، ریفراندۆمی 25ی ئەیلوولی ڕابردوو، ئامانجەکانی خۆی لەسەر ئاستی سیاسی بەدیهێناوە و یەکێک بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی لیستی پارتی لە هەڵبژاردنەکە. ئەو مامۆستایەی زانکۆ بۆ شەرقولئەوست دەڵێت: زۆرێک لە دەنگدەران بڕوایان بە بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەیە، لەو سۆنگەیەوەش متمانەیان بە لیستەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر بوو، بەتایبەتیش پارتی بە سیاسەتێکی ورد توانی هەوڵەکانی بچووککردنەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان لەباربات، هێزەکانی پێشمەرگەش بەرپەرچی هێرشە داگیرکارییەکانییان دایەوە و رێگەیان نەدا لە رووی سەربازییەوە کوردستان داگیربکەن. بە گوێرەی قسەکانی ئەو مامۆستایە، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی لیستی پارتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خزمەتگوزاری و ئەزموونە ئیدارییەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی هەیە، لەگەڵ ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسییە، هۆکاری سەرکەوتنی لیستەکەن، بەتایبەتیش کاتێک هەولێر و دهۆک لەگەڵ تەواوی پارێزگاکانی دیکەی هەرێم و عێراق بەروارد دەکرێت. لە روانگەی بابکەیی، لە داهاتوودا پارتی سوود لە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە وەردەگرێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارە 30ی ئەیلوولی داهاتوو ئەنجامبدرێت، لە رێگەی بەهێزکردنی زیاتری سەقامگیری و ئاسایش، بۆ بەهێزترکردنی پێگەی جەماوەرییەکەی، بۆ ئەوەی وەکو هێزی یەکەمی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی ڕەها یەکلاییبکاتەوە.

ڕاپۆرتەکە لە بارەی دۆخی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات، لە هەڵبژاردنی ئەمجارە،18 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، بە بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو، 3 کورسی لەدەستداوە، لەگەڵ ئەوەشدا، شەش هێزی دیکەی کوردستان، راستەوخۆ بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکە تۆمەتباری دەکەن، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکووکیش، ئەویش لە ڕێگەی هاککردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی دەنگدان. لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانیش، شەش لایەنی سیاسی هەرێمی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، حزبی شیوعی کوردستان، هاوپەیمانی بۆ دیموکراتی و دادپەروەرین، سکاڵایان تۆمارکردووە و داوای دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان دەکات. لای خۆیشیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان لە هەموو هەرێمی کوردستان و یەکێتیش هەڵوێستی ڕوون نییە و تاڕادەیەکش دژی ئەو هەنگاوەیە.

سەرچاوە: کوردستان24

دلاوەر ئاژگەیی: ئەوەی بۆ کوردانی تاراوگە گرنگە هەڵوێستی لایەنەکانە لەسەر پرسە نەتەوەییەکان



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ڕایدەگەیەنێت ، هەر هەنگاوێک لە لایەن هەر پارت و ڕێکخراوێکی کوردستان بە ئاڕاستەی لێدانی حکوومەتی هەرێم و لاواز پیشاندانی و کەمکردنەوەی لە بەرامبەر ناحەزان بدات، ئەوا کاردانەوەی کوردستانییانی دەرەوەی لێدەکەوێتەوە، ئەو لایەنانەش ناتوانن متمانەی پێویست بەدەست بێنن. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراق لە دەرەوە و یەکێتیی ئەورووپادا بڵاوکرایەوە، تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێژەیەکی زۆر توانی پلەی یەکەم بێت . لەوبارەیەوە دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا بە خەباتی ڕاگەیاند: بەشی زۆری کوردانی دەرەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان و دەنگداندا بەرژەوەندی تەسکی کەسی لە بەرچاو ناگرن، چونکە ئەوەی بۆ کوردانی دەرەوە گرنگە و یەکلاکەرەوەیە هەڵوێستی پارت و لایەنانەکانە لەسەر پرسە نەتەوەییەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کوردەوە هەیە لە ناو گەلانی دیکەی دونیادا . ڕوونیشیکردەوە، کە ئەمەش لە دەرەوەی وڵات زیاتر هەستی پێدەکرێت، هەموشمان هەڵوێستی کوردستانیانی دەرەوەمان لە کاتی هەڵمەتی ڕیفراندۆم و دواتریش ڕێژەی دەنگی (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی بینی، کە ڕێژەکەی بەرز و بێ وێنە بوو . نوێنەرەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گوتیشی: ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پرسی نەتەوەیی و تێروانینی لایەنەکان بۆ پرسە نەتەوەییەکان و کارکردنیان لە گۆڕەپانی سیاسی بۆ ئەم پرسانە یەکلاکەرەوەیە بۆ پشتگیری کوردستانیانی دەرەوە ، هەر بۆیەش ئەو لایەنانەی بە جیددی و پراکتیکی کاریان بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە، متمانەی زۆرینەی کوردستانییانی دەرەوەیان بە دەستهێناوە . ئاژگەیی ئەوەشی خستەڕوو، کە ڕۆڵی سەرکردایەتیی پارتیش لەو گۆشەنیگایەوە یەکجار گرنگە، هەروەها هەڵوێستی نەتەوەیی و پێداگری سەرۆک بارزانی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان فاکتەری یەکلاکەرەوە بووە لە پشتگیری کوردستانییانی دەرەوە لە سەرۆک و ئەو پارتەی کە ئەو سەرۆکایەتی دەکات، بۆیەش کوردستانییانی دەرەوە دەنگیان بەو پارتەدا کە ئالا هەڵگری سەربەخۆیی کوردستانە و کاری بۆ دەکات.

ئیحسان ئامێدی: حکوومەتی تازەی عێراق ئەگەر نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان نەکات فاشیل دەبێت



شرۆڤەکاری سیاسیی ئیحسان ئامێدی دەڵێت، خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە متمانەیان بەو حزبە دایەوە کە بەرگریییان لێ دەکات و دەستکەوتی زیاتریش بە دەستدەهێنێت. باوەڕیشیوایە بەبێ کورد، حکوومەتی داهاتووی عێراق سەرکەوتوو نابێت.

ئیحسان ئامێدی، بۆ ماڵپەڕی پارتیی گوتی: کاتێک مرۆڤ تەماشای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات، بەرنامەی لایەنەکان و لیستەکان، خەڵکی کوردستان توانیویەتی هەڵسەنگاندنێکی باش بۆ هەر هێزێکی سیاسی لە کوردستان بکات، کە کێ خزمەت و بەرگری لە خەڵک دەکات، دەرئەنجامەکانیش دەریدەخەن کە پارتی ئەو هێزە سەرەکییەیە کە توانیویەتی بەرگری لە کوردستان بکات و ڕێگە نەدات دوژمن خاکی کوردستان داگیربکات، لەڕووی ئاوەدانییەوە توانیویەتی خزمەتێکی باشی کوردستان بکات، هەلیکار بۆ هاوواڵتیان بڕەخسێنێت، ئەمن و ئاساییش بەرقەرار بکات، لە قۆناغی ڕابردوودا سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی بۆ لەناوبردنی داعش و هەموو ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر کوردستان، ئەوەیش ئەوە دەگەیێنێت کە پارتی خەمخۆری خەڵکی کوردستانە، حزبێک میژووەکەی 72 ساڵ بێت و سەرۆکەکەیشی سەرۆک بارزانی بێت. خەڵکیش دەیەوێت دەنگ بۆ ئەو حزبە بدات کە سەرسەختانە بەرگریی لێ دەکات و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستانیش دەکات. ئامێدی، گوتیشی: لە عێراقدا کێشە هەن، ململانێیەکی تۆند هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، ئێستا کار بۆ دروستکردنی گەورەترین کوتلە دەکرێت، هەر لایەنێکی عێراقی بیەوێت بێتە سەرۆکوەزیران، بێ کوردستان ناتوانێت حکوومەت پێک بهێنێت، ئەو جموجۆڵەی ئێستا دەکرێت، زەمینەخۆشکردنە بۆ قۆناغی داهاتوو تا حکوومەتێک پێکبێت کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات، چونکە ئەگەر هەر حکوومەتێک پێک بێت و تەمسیلی هەموو پێکهاتەکانی عێراق نەکات، ئەو حکوومەتە فاشیل دەبێت و سەرکەوتوو نابێت .